# ڕونكردنەوەیەك لە سكرتاریەتی مەكتەبی سیاسی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراقەوە

# سەبارەت بە تیرۆركردنی هاوری موسی حسین

لە ڕۆژی 2008/1/16دا بەیانی ژمارە 2 لەلایەن حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی چەپی عێراقەوە بلاوبۆتەوە لە پەیوەند بە تیرۆكردنی هاوری "موسی حسین"ەوە، هەروەها نامەیەكی دیكە بە ئیمزای هاوڕێ عصام شكری "لە لایەن مەكتەبی سیاسی"حزبیانەوە هاتوە بۆ "ئەندامانی مەكتەبی سیاسی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق" لە رۆژی 2008/1/18دا. بەیانی ژمارەی 2 وە نامەكەی هاوری عصام شكری هەمان ناوەرۆكیان هەیە. كە باس لە شوێنی تیرۆركردنی هاوری موسی حسین دەكات وهەروەها پێداگری زۆر لەسەر ئەوەی كە ئێمە ئەو بێدەنگیەی خۆمان بشكێنین چونكە دەچێتە گیرفانی تیرۆریستان‌و كۆنەپەرستانەوە، هەروەها بەخش كردنەوەی هەندێك زانیاری هەڵەو نا دروست .. بۆیە بە پێویستمان زانی ئەم ڕونكردنەوەیە بدەین:

لەیەكەمین رۆژی تیرۆركردنی هاورىی خۆشەویستمان موسی حسینەوە ئیمە وەك حزبی كۆمۆنیستی كریكاری عیراق و هاورییانی كۆمیتەی كەركوكی حزب، بەجیا لەهەر زانیارییەك لەسەر چۆنیەتی تیرۆركردنی ئیمە هەڵوێستی ئینسانی‌و سیاسی خۆمان بوە سەبارەت بەم تاوانە تیرۆریستی‌یە، پەیوەندی تەلەفۆنی‌و نزیك بوە لە نیوان بەرپرسی حزب لەكەركوك‌و هاوڕی "ریبین فاروق" بەرپرسی حزبی چەپ لە سلیمانی، لە پەیوەند بەم مەسەلەیەوە، ئەم پەیوەندییە بەردەوامە. بۆیە ئێمە لە یەكەم ڕۆژەوە نەك بیدەنگ نەبووین بەڵكو وەك لایەنێك گەڕاوین بە دوای ئاشكراكردنی ڕاستیەكاندا وتا ئێستا ڕاستیەكان رۆشن نین‌و بەتەواوی یەكلانەبونەتەوە. ووتنی ئەوەی كە هاوری موسی براوەتە "مقەری حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق" هیچ راستیەك نەك لە تیرۆركردنی ئەم هاوڕییەی ئیمە ئاشكرا ناكات بەڵكو هەلومەرجی لیكۆلینەوەو گەران بەدوایی حەقیقەتی ئەم تاوانەدا دژوارتر دەكات و سەرنجی پۆلیس‌و دەسەلاتدارێتی شاری كەركوك كە بەرپرسن لە هەر تاوان‌و تیرۆریك كە لەم شارەدا ڕودەدات لا دەبات لەسەر بەرپرسانی ئەصلی تیرۆر و ڕەوتە تیرۆریستەكان. لەلایەكی دیكەشەوە هەم لەبەیانی ژمارە 2دا وە هەم لە نامەكەدا هەندی مەسائیل وروژێنراوە كە دورن لە راستەییەوە لە چەشنی ئەوەی كە دەرگای مقەری حزبی كۆمۆنیستی كریكاریی عێراق " مۆری سوری لێدراوە داخراوە" لەلایەن پۆلیسەوە، ئەمە لە راسیتەوە دورە نەك مقەری ئیمە بەڵكو مقەری خۆشیان دانەخراوەو مۆی سوریشی لێنەدراوە، زۆر بەداخەوە "تا ئێستا خوێن بە دەرگای مقەرەكە ئەوانەوە ماوەو هیچ كەس نەچوە بە لایدا" تا كاتی نوسینی ئەم ڕونكردنەوەیە. هەروەها نوسیویانە كە بەرپرسی مقەری حزبیان ڕایكردوە، ئەوهاوڕییە یەكەم "حمایە"یەو بەرپرس نیە، دووەمیش پۆلیس ناگەرێت بەدوایداو ئەوەش لە راسیتەوە دورەو كۆمیتەی كەركوكی ئێمە لای پۆلیس دیار نەمانی ئەو هاوڕییەی تۆمار كردوە. بۆیە پێویست بوو لەسەر حزبی چەپ لەجیاتی وروژاندنی ئەم ناراستیانەو پەخشكردنەوەی لە سایتەكاندا جیگای خۆی بوو كە بواریان بدایە بە لە لێكۆلینەوەیەكی وردتر وچڕتر چ لە لایەن ئیمەوە یان خۆیان وە هەروەها لەمبارەوە پۆلیسیش ئێستا تەرەفێكە، یان تەنانەت پیش ئەوە پرسیارێكیان بكردایە لە ئێمە كە قەزیەكە بەكوێ گەیشتوە یان راستیەكان چۆنن، نەك گۆڕینی راستیەكان‌و بلاوكردنەوەی زانیاری هەڵەو دور لە راستی‌و پێچانەوەی لەمەسائیلی سیاسی كە هەلومەرجی لێكۆلینەوەو گەران بەدوایی راستیەكاندا دەشاریتەوە، یان لایەنی كەم دوریدەخاتەوە لە حەقیقەتی ڕودانی تاوانەكە.
ئیمە لەمەودا بەشێوەی پێویست هەر زانیارییەك لە خزمەت بە دوادا چون‌و لیكۆلینەوە بێت لە پەیوەند بە تیرۆركردنی هاوڕی موسی وە بلاویدەكەینەوە.

2008/1/20